# پاسەوانەکەی ئەمریکا لە عیراق دژی تەدەخول کردنە لە کاروباری عێراق دا!

سامان ئەحمەد

ئەمریکا ماوەی ٣ مانگە نەك هەر نەیتوانیوە حکومەتێکی کاتی تەنانەت ئیدارەیەکی کاتی بۆ بەڕێوەبردنی عێراق دابمەزرێنێ وڕووبەڕووی ئەزمەیەکی توندی سیاسی بووەتەوەوکۆمەڵگای عێراقی لە فەوزایەکی سیاسی وئیداری دا ڕاگرتووە. سەرەڕای نارەزایەتی قوڵی ملیۆنی خەڵکی عێراق لە دژی ئەمریکا، هاوکات یەکێك لە هۆیەکانی ئەم ئەزمەیەی ئەمریکا سەر بەرزکردنەوەوهاتنەمەیدانی هێزوئەحزابی کۆنەپەرستی دژی ئەمریکایی ناسیۆنالیزمی عەرەب وئیسلامی سیاسی‌یە لە عێراق وناوچەکەدا کە وەکو ئامرازوسەکۆیەکی لەبار بەدەست دەوڵەتە عەرەبی‌یەکان وجمهوری ئیسلامی ئێرانەوەن و هێندەی تر کۆمەڵگای عێراقیان ڕووبەڕووی کۆنەپەرستی وشەڕی قەومی ومەزهەبی ونائارامی وئیرهاب کردۆتەوە. تەنها لە یەك مانگی ڕابردوودا لە چەند کردەوەی عەسکەریدا زیاتر لە دەیان سەربازی ئەمریکی‌یان کوشتووەوهێندەی تر فەزای نائەمنی ونائارامی‌یان پەرەپێداوەودەستی سوپای ئەمریکی‌یان ئاوەڵاتر کردووە بۆ هێرش کردنە سەر ماڵ وحاڵی خەڵك. لەم بارەیەوە (پول بریمەر) ی حاکمی ئەمریکا لە عێراق لە ووتارێکی دا لە ٢٥/٠٦/٢٠٠٣ دا توورەیی وهەراسانی خۆی لەبەرامبەر ئەم کردەوە عەسکەری‌یانەلەدژی ئەمریکا نیشان داولەم بارەیەوە هەڕەشەی لە ئێران کرد کە لە کاروباری عێراقدا تەدەخول دەکات.

بێ‌گومان ئامانج وکارکردی دژی ئینسانی وکۆنەپەرستانەی ناسیۆنالیزمی عەرەب وئیسلامی سیاسی بە گشتی وجمهوری ئیسلامی ئێران بەتایبەتی ڕۆشنەوهێندەی تاڵە دەزوویەك پەیوەندی‌یان بە خواست وئامانجەکانی خەڵکی عێراقەوە نی‌یە. خەڵکی عێراق وئێران دەیان ساڵە بە گۆشت وئێسقانەوە حاکمیەت ودەسەلاتی دیکتاتۆری وکۆنەپەرستانەی ناسیۆنالیزمی عەرەب وئیسلامی سیاسی‌یان تاقی کردۆتەوەولەبەرامبەری دا ڕاوەستاون وخەباتیان لە دژی کردووە. بەڵام ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ولەگەمەیەکی کاریکاتێری دەچێ ئەو هەڕەشەیەی ئەمریکایە کە لە پەیوەند بە تەدەخول کردن لە کاروباری عێراقدا لە ئێرانی دەکات! ئەمریکایەك کە لە دووری هەزاران کیلۆمەترەوە دەیان هەزار سەربازوهەزاران دەبابەی گەیاندۆتە ناو شەقامەکانی عێراقەوەوهەزاران ئینسانی بێ تاوانی کوشتار وکەلەپاچە کردووەوژێرخان ودام ودەزگا مەدەنی وخزمەتگوزاری وئیداری‌یەکانی گۆمەڵگای عێراقی خاپور وکاول کردووەولەکارخستووەوبەلوعەی بیرە نەوتەکانی عێراقی خستۆتە گیرفانی خۆیەوەوهەر ڕۆژەی ژەنەرال وکاربەدەستێکی خۆی لە ئەمریکاوە دەنێرێت بۆ عێراق ودەیکات بە حاکم بەسەر خەڵکی عێراقەوە. . . . هتد، ئەمریکایەك کە بەبەرچاوی هەموو جیهانەوە بەهەمان سیستمی ئیمپریالیستی سەرەتای سەدەی بیستەم شەڕ هەڵدەگیرسێنێت و وولاتان داگیردەکات ولە ووردودرشتی وولاتانی دنیادا تەدەخول دەکات کەچی گازندەوهەڕەشەی ئەوە لە ئێران دەکات کە لە کاروباری عێراقدا تەدەخول دەکات!! چ سەیرێکە ئەم سیاسەتی دوو ڕوویی و دوو فاقی‌یە! چ ڕوویەکی قایمی دەوێت دزێکی گەورە بە ئاشکراوبە بێ شەرم هەڕەشە لە دزێکی بچوکتر لە خۆی بکات!

تەدەخولی ئەمریکا لە عێراقدا هەموو سنورێکی تێپەڕاندووەوبەهیچ پەردەیەکی ریاکاری ودووڕوویی دانا پۆشرێت. ئەمریکا دەیەوێت وەڵام بە تالان وبڕۆی دەوڵەت وشەریکە مۆنۆپۆڵەکانی بداتەوەوچنگی خۆی بۆ هەموو وولاتەکانی تری ناوچەکە درێژ بکات. هاوکات دەیەوێت کەس نارازی ولەمپەر نەبێت لەبەرامبەریداو ئەم کارەی لێ تێك نەدات. بەڵام ئەمڕۆ لەبەرەی کۆنەپەرستی دنیادا دەوڵەتەکانی ئەورووپای یەککرتوو هاوکات ناسیۆنالیزمی عەرەب وئیسلامی سیاسی وحکومەتە عەرەبی‌یەکان وهەروەها ئێران وتورکیا کێشەوململانێکانیان لەگەڵ ئەمریکادا توندتر بۆتەوە، هەموویان چاویان بریوەتە ئەوزاعی عێراق ودەسەڵات وئایندەی عێراق و تەدەخولی تیا دەکەن. ئەمریکا خۆی کۆمەڵگایەکی ٢٥ ملیۆن ئینسانی وەکو عێراقی کردۆتە مەیدانی ڕمبازێن وکێشمەکێشێکی قازانج پەرستانەوکۆنەپەرستانەی نائینسانی بۆرژوا ئیمپریالیستی جیهانی. ئەمریکا خۆی سەرچاوەی هەموو ئیرهاب ونائەمنی وکێشەوتەدەخولێکە لە عێراقدا. دەبێت پێش هەموو لایەك ئەمریکا دەست لە کۆمەڵگەی عێراق

هەڵگرێت‌وهێزەکان‌وحاکمە تەصدیر کراوەکەی عێراق جێبهێڵن. بول بریمەر کە هیچ کەسێك لە خەڵکی عێراق پێشتر ناوی نەبیستووەونەیناسیوە، خۆی چ کارەیە لە عێراق‌وبە چ حەقێك بووەتە حاکمی خەڵکی عێراق وا ئەمڕۆ هەڕەشە لە تەدەخولی ئێران لە کاروباری عێراقدا دەکات؟

خەڵکی عێراق (تەنانەت خەڵکی کوردستانیش کە لە سەرەتاوە لە ژێر فشاری تەبلیغی‌وهاوپەیمانی یەکێتی‌وپارتی لەگەڵ ئەمریکا تەسلیم بە سیناریۆی ئەمریکا بووبوون‌ولەبەرەی دژی شەڕوئینسانیەتی جیهان لە دژی ئەمریکا دابڕان) ئەمڕۆ وەکو ڕۆژی ڕووناك ئەم حەقیقەتەی سیناریۆی ئەمریکایان بۆ ڕۆشن بووەتەوە. ئەمڕۆ خواست‌وئامانجەکانی خەڵکی عێراق بۆ ژیانێکی ئازادوکۆمەڵگایەکی مەدەنی‌وئینسانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سیاسەت‌و وجودی ئەمریکا لە عێراق دا ناکۆکی توندی پەیدا کردووەوڕووبەڕووی بووەتەوە، هەرچەندە هێزوحیزبە کۆنەپەرستە ناسیۆنالیست‌وئیسلامی‌یەکانی مخالفی ئەمریکا دەیانەوێت سواری شەپۆلی نارەزایەتی خەڵکی عێراق بن‌وبیکەنە زەخیرەیەکی سیاسی ئامانج‌وکردەوەکانی خۆیان. بەڵام هاوکات ئەمڕۆ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لە مەیداندایە کە نوێنەرایەتی خواست‌وبەرژەوەندی‌یە ئینسانی‌یەکانی خەڵکی عێراق دەکات. بۆ کۆتایی هێنان بەم سیناریۆیەی ئەمریکا وبۆبەرگرتن بە تەدەخولی کۆنەپەرستانەی جمهوری ئیسلامی ئێران‌ودەوڵەتە عەرەبی‌یەکانی ناوچەکەونەخشەوکردەوە ئیرهابی‌یەکانیان، دەبێت وجودوتەدەخولی ئەمریکا لە عێراق دا کۆتایی پێ بێت. هێزی ڕێکخراوویەکگرتوی خەڵکی عێراق لە دەوری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق تەنها هێزێکە کە دەتوانێ هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا ناچار بە پاشەکشە بکات‌ولەهەلومەرجێکی ئازادوئارام دا حکومەتێکی مەدەنی‌وسکولار لە عێراق دا دابمەزرێنن‌وبەسەر کۆمەڵگای جیهانی وڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بیسەپێنن.

***۲۰۰۳/۰۷/۰۵***

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت